www.kurdistannet.org
5-1-2006 20:02بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# پێشنیارێک بۆ ئاسایشی گشتی هەرێمی کوردستان ... ئەندازیار نەریمان مەلا محمد گەلالی

بەرلین



لە ئەنجامی ئەو بووژانەوە گەورەیەی بیناسازی کە لە هەرێمی کردستان بەرقەرارە دەیان و بگرە سەدان کۆمپانیای هەمەجۆر روویان تێ کردوە و لە هەموو بوارە جیا جیا کانی بنیاتنان کاردەکەن جا ئەوەی جێگای تێبینی وسەرەنجە ئەو کۆمپانیا بێگانانە کاتێک کە کارەکانیان ئەنجام دەدەن هیچ چاودێریەکی ئاسایشیان لەسەر نیە نەک بۆ دلْنیا بوون لە وەی کە بە پێی (موایفات) ئەنجام دەدرێن یان نا چونکە ئەوە کاری ئاسایش نیە، بەلْکوو لە رووی ئەوەی کە ئایا ئەو کۆمپانیایانە هیچ کارێکی تیرۆرستی یان تێکدەرانەیان لە پشت نیە بە هۆی دەزگای هەوالْگری (مخابرات) ولاتەکەیانەوە! لێرە لە ئەلْمانیا کاتێک بالْەخانەیەکی گەورە یان بینایەکی حکوومی دروست دەکرێت لەگەلْ ئەوەش کۆمپانیاکانیان هەمووی هە ر ئەلْمانن و لە خۆیانن بەلام دەزگای چاودێریی تایبەتی بۆ دادەنرێت ولە سەرەتاوە پەرژینێک لە سنووری پرۆژەکە دروست دەکرێت و هەندێک جاریش کامێرای چاودێریشی بۆ دادەنێن و لە هەموو قۆناخەکانی بیناکە هەر لە هەلْکەندنی بناخەکانەوە بۆ تێکردنی کۆنکرێت و تا تەواو دەبێت ئەم دەزگایە زۆر بە ووردی چاودێری پرۆسەی بنیاتنانەکە دەکات لە رووی (ئەمنیەوە).

کاتێک کە نوێکاریان لە بینای (ڕایشس تاگ) واتە بینای پەرلەمانی فیدرالْی دەکرد و کۆمەلْگای سەرۆکایەتی حوکمەت دروست دەکرا ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە بە هۆی سەتەلایت چاودێری و کۆنترڵ دەکرا سەدان کامێراو چاودێریش بە وردی پرۆسەی کارەکانیان دەپشکنی. نابێ ئێمەی کورد ئەوەمان لە بیر بچێت کە هەندێک لە ولاتانی دراوسێی هەرێم زۆر زۆر نیگەرنن لە واقیعی ئەمڕۆی کوردستان و پێشکەوتنە رێژەییەکەی کە بەدەستی هێناوە. ئەوەندە لەمێژ نیە کە وەزیری دەرەوەی یەکێکیان زۆر بە بێشەرمانە گووتی ئەگەر بنەمایەک بۆ دەولْەتی کوردی لە ئەفەریقیا!!! دابمەزرێت ئێمە هەولْدەدەین تێکی بدەین، دە کەواتە بۆ دەزگایەکی موخابەراتی ولاتێکی وا زۆر ئاسانە کە لە ریگەی کۆمپانیایەکی خۆی سەدان کیلۆ لە ماددەی تەقێنەر بە سیستەمێ کۆنتۆلەوە و بە کۆدی تایبەتی لە ژێر یەکێک لە و بالْەخانانەدا بشارێتەوە تا رۆژی مەبەست!!! نموونەش ئەو هۆلْە گشتیە چەند قاتیەیە کە ئێستا کۆمپانیایەکی بێگانە لە هەولێری پایەتخت دروستی دەکات!! کە لە داهاتوودا دەیان چالاکی هەمەجۆری فەرمی و نا فەرمی تێدا ئەنجام دەدرێت، خوانەخواستە ئەگەر شتێکی لەو جۆرە ببێت و سەرکردەیەکی کورد بکرێتە ئامانج هەر خوا دەزانێت چ کارەسات و مەینەتیەکی تر چاوەڕوانی ئەو میللەتە دەکات!! ئەو کات زۆر بە زەحمەتیش روون دەبێتەوە کە ئەو کارە چۆن روویداوە! دە کەواتە هەر لە ئێستاوە با ئەم لێکدانەوانە بە هەند هەلْگرین و وەکو وولاتانی پێشکەوتوو لەو بوارە هەلْسوکەوت بکەین.